# کام سەربەخۆیی، هەڵبژاردن و ڕیفرەندم؟

## سەلام عەبدوڵڵا

تێڕوانینی واقیعبینانە، یان خەونی جوان؟ موزایەدەی سیاسی یان تێگەیشتن لە هاوکێشە جیهانی، ناوچەیی و ناوخۆیی کوردستان؟ کامە ڕێگا بەرەو پێشەوەمان دەبا؟ ئایا باروودۆخەکان بەگشتی، پشتی بەرزکردنەوەی درووشمی ڕەوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان، ڕاستدەکەنەوە؟

ئایا بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق، بەبێ ئەوەی پێشوەخت، چارەنووسی(ناوچەی سوور*) دیاری بکرێت، خزمەت بە کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان دەکا؟

ئەگەر لەو پرسیارانە وردبینەوە، دەبێ ئەم چەند خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرین:

1- لەسەر ئاستی کوردستان: ئەوەی بەدوای هەواڵی لایەنگیرانی سەربەخۆیی کوردستان، بگەڕێ، زۆر بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێ، هەموو حیزب و گرووپە کوردستانییەکان، لە چەپەوە، بۆ ڕاست، بە یەك دەنگ، لەگەڵ چارەسەری دیموکراسییانەی کێشەی گەلی کوردستانن، واتە سەربەخۆیی. بەڵام ئایا گەشەسەندنی خودی حزبە کوردستانییەکان و ڕەوتە جەماوەرییەکان، لە ئاستی ڕێکخستن، هێز، پشتیوانی جیهانی و دیپلۆماسیدا، تواناییان دەشکێ بەسەر هەڵگرتنی ئەو درووشمە و ڕابەرایەتی کردن و پیادەکردنی؟

وەڵامی ئەم پرسیارە: نەخێر! هۆیەکان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

ا-نەبوونی ڕێککەوتنێکی گشتی لەنێوان حیزبە کوردستانییەکان. ب- تا ئێستا هیچ لایەن، کۆنگرە و حیزبێك نەیتوانیوە ببێ بە مەرجەعییەتێك و لەلایەن هەمووانەوە، ڕێزی لێ بگیرێت ت- 3 کۆنگرەی کوردستانی جیاواز هەیە و هەر یەکێکیان خۆی بە شۆڕەسواری گۆڕەپانەکە دەزانێ و تا کاتی نووسینی ئەم ووتارە، هەر سێ کۆنگرە، دڵسۆز و قارەمانانە، هتد...، گۆرانی(هەرە لەیلێ)ی بۆ دەچڕن! ئەم بەڕێزانە خۆیان بە پسپۆڕ، زانا، سیاسەتمەدارو دەیان((ناوی زل)ی تریشیان هەیە، بەڵام لە دێیەکی وێران بەولاوە، هیچی تر نین.

ب- گەرچی باشووری کوردستان، بە ئاگرو بومبا و ژەهری شۆفێنیزم، گەمارۆ دراوە، دوو ئیدارە"مێژووییەکە"، هێشتا ئامادەنین یەکگرتنەوەیان ڕابگەیەنن و لە داهاتووی نزیکیشدا، یەك ناگرنەوە((بۆ نموونە: کاتێ لایەنێکیان، سەردانی چین دەکا، لایەنەکەی تر، دەیەوێ سەردانی تایوان بکا))! بە بۆچوونی بەڕێز عیماد ئەحمەد لە دیمانەیەکی(پەیامنێر لە 29،10)دا، دەڵێت:(هیچ لایەنێك بە ئاسانی دەستبەرداری دەسەڵاتی خۆی نابێت، بۆیە تا ئێستا دوو ئیدارەکە یەکنەخراوەتەوە–سەرچاوە: پوك ئۆنلاین ).

2- لە سەر ئاستی جیهانییدا، بەرژەوەندی وەڵاتە زلهێزەکان لەگەڵ داخوازی ڕەوای خەڵکی کوردستان یەکناگرێتەوە، بە پێچەوانەوە، لەگەڵ وەڵاتانی ناوچەکە یەکدەگرنەوە. ئەمە ڕاستییەکە و بەڵگەی سەلماندنی ئەم بۆچوونە بریتین لە: ا–زلهێزەکان، تاقە یەك دێڕی ڕوون و ئاشکرا لە ڕێککەوتنێکی مۆرکراو و بە ئیمزایان نییە لەبارەی مافی ڕەوای گەلی کوردستانەوە، لەسەر ئاستی ڕێکخراوە جیهانییەکاندا. ب- بە ئاشکرا خۆیانیان گێلکرد لە ئاستی نزیکەی دوو ملیون و حەوت سەد هەزار دەنگی ریفرەندومخواز.

3- گەلی کوردستان بە حکومەتگەلی جانەوەر گەمارۆ دراوە، هەتا لەو وەڵاتانە، حکومەتێك نەیەتە کایەوە(لە لانی کەمەوە لە تورکیا)، بە پێی ڕێککەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی مافی گەلان ڕێز لە مافی چارەنووسی گەلان بگرێ ، زەحمەتە بتوانرێ، داخوازی سەربەخۆیی کوردستان، بەئەنجام بگا.

کەواتە، ئەگەر ئیمڕۆ هەنگاوێك هەبێ بۆ بەرەوپێشبردنی پرسیاری گەلی کوردستان، ئەوا تەنها ئەوەیە، بە یەکدەنگ، لە ئاستی پەرلەمان، حیزب و گرووپەکانی دەرەوەی ئەو بازنەیە، پێشی هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق، داوای گرێدانی ناوچەی سوور بکەین بە هەرێم و ئیدارەکانی کوردستان. بەبێ ئەم هەنگاوە، بانگەوازی سەربەخۆیی و ڕیفرەندوم، وەك هیوایەکی جوان و بریقەدار دەمیننەوە!

ئەوانەی وا لە دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراسی دەدوێن، دەبێ پێشوەخت دوو مەرجی چارەنووسسازی ئەو پرۆسەیە جێبەجێ بکەن: 1- یەکخستنی توانای ڕاگەیاندن، سەربازی و ڕێکخستنی ئیسلامبەعسیی. 2- چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەی سوور....

* مەبەست، ناوچەی خانەقین، کەرکوك، شەنگار، جەلەولا، کفری، توزخورماتوو، سەعدییە و مەندلی و ئەوانیترە...